# کۆتکردنی چالاکی گیرەک
# لە دارِشتنی وشەی زمانی کوردیدا

**سروە جەعفەر محەمەدئەمین**
قوتابخانەی راسانی کوران
Srwa.muhamadamin@su.edu.krd

**سەرپەرشتیار: د. عەبدوڵلا عەزیز بابان**
بەشی زمانی کوردی- کۆلیژی زمان – زانکۆی دهۆک
mohamed@uod.ac

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی وشەسازیدایە، تیایدا کرداری کۆتکردن ڕوون دەکاتەوە، کە بریتییە لە نەگەڕانەوەی فۆڕمێک بە هۆی بوونی فۆڕمێکی تر، باس لە چۆنیەتی ڕێگەگرتنی دروستبوونی وشە و زاراوە دەکات، هەروەها هۆکاری کۆتکردن دەخاتەڕوو، ئاماژە بە کاریگەریە نەرێنییەکانی کۆتی گیرەک دەکات لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا، کە تیایدا باس لە هەنگاوەکانی ئەم کاریگەریە نەرێنییە کراوە، جیاوازی بەهێزیی گیرەک و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا خراوەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بریتییە لە چەمک و پێناسەی کۆتکردن و کۆتکردن لە دارِشتنی وشەدا و هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک و کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا هەروەها جیاوازی بەهێزی و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا.

بەشی دووەم بریتییە لە چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن و دارِشتنی وشە و زاراوەی کوردی.

وشە سەرەکییەکان: گیرەک، کۆتکردن، چالاک، سست، وشە و زاراوە.

## پێشەکی

**١. ناونیشانی توێژینەوەکە:**

(کۆتکردنی چاڵاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا). کە تیایدا ئاماژە بە کۆتکردنی چاڵاکی ئەو گیرەکانە دەکرێت، کە قەدەغەکراو و تابۆن لە زمانەکەدا.

**٢. گرینگی و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

کۆتکردنی گیرەک بابەتێکی وشەسازییە، بریتییە لە لادانی وشەیەکی نەخوازراو بە دانانی وشەیەکی تر، کە دەبێتە شوێنگرەوەی بەهەمان واتاوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا ئەم جۆرە بابەتە لە زمانی کوردیدا بە زەقی ئاماژەی پێ نەکراوە.

**٣. ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازێکی وەسفی شیکاری گیراوەتە بەر، بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە.

**٤. بەشەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بریتییە لە چەمک و پێناسەی کۆتکردن و کۆتکردن لە داڕشتنی وشەدا و هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک و کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا هەروەها جیاوازی بەهێزی و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا.

بەشی دووەم بریتییە لە چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن و داڕشتنی وشە و زاراوەی کوردیدا.

**بەشی یەکەم:** کۆتکردنی چاڵاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا

### ١.چەمک و پێناسەی کۆتکردن (blocking):

وشە دروستکردن لە زماندا ئاسان نییە، چونکە زۆر هۆکار هەن کە دارشتن کۆت دەکەن و چالاکی کەمدەکەنەوە: وەک: کۆتی کۆمەلایەتی و دەروونی (Social &pcychological blocking)، کۆتی مۆرفۆلۆجی (morphologicalblocking)، کۆتی فۆنۆلۆجی (Fonologacal blocking)، کۆتی واتایی (semantical blocking) ، کۆتی جوانکاری (cosmetical blocking).

کۆتی مۆرفۆلۆجی (Morphological blocking):

ئەم کۆتکردنە ئاماژە بە دیاردەی مۆرفۆلۆجی دەکات، کە تێیدا فۆرمێکی گونجاو بۆ وشەیەک ناتوانێت رووکەشی بکات، چونکە بە فۆرمێکی تر (کۆتکراوە)، کامە فۆرم تایبەتمەندی ژینگەیی زیاتر بێت، و گونجاوتر بێت ئەو بەکاردێت.

چەمکی کۆتکردن (blocking) بۆ یەکەم جار لە لایەن رێزماننووسێک بەناوی پانینی (Panini) هیندی لە سەدەی پێنجەم، یان چوارەمی (پ. ز) ناسێندرا، کاتێک رایگەیاند کە لە دوو یاسای کێبرکێکاردا، ئەو یاسایەی سنووردارتر و گونجاوتر بوو، یان پێشینەی هەبێ ئەوا ئەو یاسایە وەردەگیرێت، لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا، ئەم تێگەیشتنە لەلایەن رێزماناسە بەرهەمهێنراوەکان بەناوی (پرەنسیپێکی تر) یان (بنەما لە شوێنێکی تر)دا، زیندووکرایەوە، کە تا ئێستاش لە چەندین تیۆری رێزمانیدا بەکاردەهێنرێت وەک: ( مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو، مۆرفۆلۆژیای کارکردنی پارادایم) (Distributed Morphology and Paradigm function Morphology a mong athers Rainer:2016)

کۆتکردن دیاردەیەکە لە تایبەتمەندی زمانی مرۆڤ بەگشتی، بەلام سروشت و مەودا و رادەکەی هێشتا جێی مشتومرە.

بۆ ئەوەی هەندێک تێگەیشتنی سەرەتایی بەدەست بهێنین دەربارەی ئەوەی کە کۆتکردن چییە، ئەوا (Aronoff) پێناسەیەکی ورد و سادەی خستۆتە ڕوو، کە دەڵێ: ( نەگەڕانەوەی فۆڕمێک بە هۆی بوونی سادەیی یەکێکی تر ) (Aronoff: 1976,43)

واتە کۆتکردن ئەو کاتە ڕوودەدات، کە وشەیەک شوێنی وشەیەکی تر بگرێت و کۆتی بکات لە بەکارهێنانیدا، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا وشەی (یاریزان) وشەی ( یاریکەر)ی کۆتکردووە. بەڵام مەرج نییە هەموو (یاریکەرێک) ، (یاریزان) بێت و یاری بەباشی بزانێت.

چەندین نموونەی ترمان هەیە لە زمانی کوردیدا کە لە زمانەکانی دەوروبەر وەرگیراون وەک (عەرەبی، فارسی، تورکی.....هتد)، بەڵام لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا گونجێنراون، وەک ( قەڵەم) کە لە (القلم)ی عەرەبی وەرگیراوە، بەرامبەر بە (پێنووس)ی کوردیدا بەکاردێت و زاڵترە لە وشە کوردیەکە، بۆیە کۆتی کردووە.

**٢. کۆتکردن لە داڕشتنی وشەدا:**

کۆتکردن ڕێگە لە دروستبوونی وشەکان دەگرێت، لە گەڵ هاوواتاکانی بەردەستدا، بە تایبەتی ئەگەر فۆڕمی کۆتکراو لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزبێت و هاوواتاکەی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سادەبێت.

گرینگترین هەنگاوەکانی کۆتکردنی داڕشتنی وشە بریتییە لە:

١. هەندێک فۆڕممان هەیە کە شێوەی بێ ڕێزی دەبەخشێ یان گونجاو نییە بۆ دەربڕین، لە بەرامبەر ئەویشدا هاوواتایەکی هەیە، کە هەمان مەبەست ببەخشێت بەشێوەیەکی ڕێزدارتر.

بۆنموونە: وشەی ( نوێژ خوێن)، وشەی (نوێژ کەر)ی کۆتدەکات، بە هۆی بوونی ئەو پاشگرەی کە لە دوای وشەی (نوێژ)دایە، کە پاشگری (کەر)ە،

ئەم پاشگرەش لە ڕەگی کاری (کردن) و پاشگری (ەر)، دروست بووە، لەڕووی دەربڕینەوە شیاو نییە، بۆیە ڕەگی کاری (خوێن) شوێنی گرتۆتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ شێواویەک لە واتاکەی دروست ببێت.

٢. زۆر جار وا ڕێکدەکەوێت کە کۆمەڵ لەسەر وشەیەکدا کۆک دەبن و باو دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەستوور و یاسایەک هەبێ بۆ ئەم وشەیە، واتە لە یاسا لادەدات.

بۆ نموونە: ناوی (زانکۆ) کە لە ڕەگی کاری ( زان) لەگەڵ ناوی (کۆ) پێکهاتووە، کە هیچ یاسایەک نییە لە زمانی کوردی بەم شێوەیە، بەڵام وشەکە باو بووە و ڕۆیشتووە، بەبێ ئەوەی کێشەش دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی ناوی (زانستگە) ی گرتۆتەوە و، ناوەکەی کۆتکردووە.

٣. ئەو وشەیەی کە دەکرێتە زاراوە پێویستە، لە ڕووی واتا و فۆڕم و بەکارهێنانەوە لەباربێت، بۆئەوەی وشە و زاراوەی کورت و پوخت و پڕ واتا لە زمانەکەدا دروست ببێت، لەجیاتی وشەی گەورە و ئاڵۆز و لاواز، چونکە هەرچەندە وشە سادە بێت پەسەندترە.

بۆنموونە: لە وشەیەکی وەکو( هێمنایەتی) ، وشەی ( هێمن) خۆی ئاوەڵناوە، وەک هەریەک لە وشەکانی ( جوان، پاک، خۆش.... هتد)، کە بەواتای (الرخاء)ی عەرەبی دێت واتە ( لەسەرخۆ)، پاشگری ( ایەتی) وەرگرتووە و بووە بە(هێمنایەتی).

بەڵام پاشگری (ی) لە زمانی کوردیدا، وەکو مۆڕفیمێکی وشەداڕێژ دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بەناو وەکو (جوانی، پاکی، خۆشی.....هتد)، بەهەمان شێوەش دەچێتە سەر ئاوەڵناوی ( هێمن) و دەیکاتە (هێمنی).

کەواتە لە کاتی بوونی زاراوەیەکی وەکو (هێمنی)، زمانەکە هیچ پێویستییەکی بە وشەی (هێمنایەتی) نابێت، چونکە زیاتر ناوی (هێمنی) باوترە

و ڕەسەنترە، و زیاتر لە زمانەکەدا ڕۆیشتووە، بۆیە دانانی زاراوەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست تەنیا سەر لێشێواندنی گوێگر و خوێنەرە.

٤. هەندێک وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام باو نین، یا گونجاونین بۆیە قسەپێکەران وشەیەکی تری بۆ بەکاردەهێنن ، بەهەمان چەمک و واتاوە.

بۆنموونە: ناوی (سەربڕخانە) لەجیاتی ناوی (کوشتارگە) بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەمەیان گونجاوترە، چونکە شوێنی سەربڕینی ئاژەڵەکانە، (کوشتارگە) زیاتر بۆ مەبەستی کوشتنی کەسێکە، یان تۆپاندن و مردارکردنەوەی ئاژەڵێکە بە مەبەست، نەک بۆ شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ بێت. بۆیە ناوی (سەربڕخانە) ناوی (کوشتارگە) کۆتدەکات.

٥. یەکێک لە بنەماکانی زاراوەسازکردن بریتییە لە خۆپاراستن لە فرەواتایی، ( ئەو وشە فرەواتا و هاوبێژانەی، کە یەکێ لە واتاکانی (تابۆ) یان وروژێنەربێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی واتای کاریگەر هەڵگرێت و بەسەر واتا هۆشەکییەکە زاڵ بێت، بۆنموونە: وشەی (کەر) وشەیەکی هاوبێژە و هەڵگری دوو واتایە. ( دزەیی: ٢٠١١، ١١٤)

پاشگر (ئیشکەر)
کەر
کەر (گوێدرێژ)

(کەر)ی گوێدرێژەکە سێبەری داوەتە (کەر)ی پاشگرەکە، بۆیە نرخی (کەر)ی پاشگرەکە کەم دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ گۆڕینی ئەم پاشگرە، بۆ پاشگری تری وەک: (کار)، (زان)، ......هتد.

وەک: کارەکەر ←—— کرێکار

قسەکەر ←—— قسەزان.....هتد

هەروەها لە وشەیەکی وەکو (پیسایی)دا (زۆجار ئەو وشە بەواتای خۆڵ و خاشاک و زبڵ بەکاردێت و دەوترێت: پیسایی فڕێ مەدەن، پیسایی لە سەیرانگاکان جێمەهێڵن....هتد) ( عەساف ، عەبدولڕەحمان: ٢٠١٣، ١٤٦) ، کەچی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا، بۆ پاشەڕۆی مرۆڤ بەکاردێت، لەگەڵ (پیسی) زبڵ و خاشاک ، تێکەڵکراوە، کە هەردووکیان لە ئاوەڵناوی (پیس) وەرگیراون، بە هۆی بوونی پاشگرەکانەوە بوونەتە (ناو) کێشەکە لە پێکهاتنی ئەم وشانەدا نییە، بەڵکو لە بەکارهێنان و واتاکانیاندایە، چونکە پێشتریش وشەی (پیس) لە زمانەکەدا هەر هەبووە و واتاکەشی چەسپاوە، بەڵام تاکی کورد لە بری بەکارهێنانی وشەی (گوو) کە سوواوە و بە جوان دانانرێت و ڕووی مەجلسی نییە، و دەچێتە چوارچێوەی واتای ڕەنگدانەوە، ئەم جۆرە واتایەش لە زانستی زماندا بە (تابۆ Taboo words) ناودەبرێت، کە حەزیان لێ ناکرێت و مەترسییان لێ دەکرێت.

بۆیە (پیسایی) لە شوێنی ئەم وشەیەدا دانراوە و دایڕشتووە و وشەکەشی کۆتکردووە.

لەبەر ئەوە وشەی (پیسی) بە واتای شتی پیس و خۆڵ و خاشاک دێت، واتای لەگەڵ (پیسایی)دا لێک دوورە و کە لە (اوساخ) ی عەرەبییەوە هاتووە، بوونی دوو زاراوە بۆ یەک مەبەست لەزماندا، ئالۆزی دروست دەکات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم نموونەیەدا ئەوەیە، کە هەندێک لە زاراوەکان پەیڕەوی دەستووری زمانی کوردی دەکەن، بەڵام لە ڕووی واتا و بەکارهێنانیەوە مەبەستەکە ناپێکێ.

٦.بوونی ناکۆکی لە نێوان نووسەراندا لە بڕیاردان لەسەر وشەیەک یان زاراوەیەکی نوێ.

بۆ نموونە: ((تیپ)) و ((پیت)) کە دوو وشەی کوردین، بەرامبەر بە ((حرف))ی عەرەبی و ((Letter))ی ئینگلیزی بەکاردێت. بە بۆچوونی (د.کمال فوئاد) ((تیپ)) گونجاوترە.

(پیت لێرەدا بەمانای ((pertical نەک Letter)) بەکارهاتووە. لە عەرەبیدا بۆ هەردووکیان ((حەرف)) بەکار ئەهێنن، بۆ وێنە ئەڵێن: ((ئەلحەرف ئەلئەبجەدییە)) بۆ مەبەستی دووەم، ئەڵێن: (( حروف ئەلجەر و ئەلعەتف)) بۆ مەبەستی یەکەم، هەر ئەوەشە کە گەلێکی تووشی ئەو هەڵە کردووە، کە بۆ هەردوو مەسەلەکە لە کوردیدا ((پیت)) بەکاربێنن و جیاوازی لە نێوان ((تیپ)) بۆ (حەرف _ Letter) و (حەرف _ partical) دا نەکەن.) ( فوئاد، ١٩٧١، ٢٢).

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بۆ زمانەکە زاراوەی ((پیت)) گونجاوترە، چونکە بەواتای کۆمەڵ دێ، (فرقە)ی عەرەبی و (Group)ی ئینگلیزی دێت.

نموونەی دیکەش لەم شێوەیەدا هەیە، وەک: (زمان و زبان).....هتد. بۆیە پێویستە پسپۆڕان و زاراوەسازەکانی زمانی کوردی لە بۆچوونەکانیاندا یەکگرتوو بن و بۆ تاکە وشەیەک یەک زاراوە دەستنیشان بکەن، چونکە ( زۆر جار لە سازکردنی زاراوەی نوێباوی پێویستدا، ئاگایان لە یەکتر نییە و بە چاوێکی گشتی تەماشای زاراوە هاوواتایەکان ناکەن، دەشێ ئاگایان لە یەکدی بێت و بزانن بۆ یەک مەبەست و یەک واتا تاقە زاراوەیەک سازبکەن، بەڵام لەبەر دەمارگیری و بیروڕای تایبەتی و لاساییکردنەوەی زاراوە لە زمانەکانی دیکەدا هەر جارێک بە سەرپێیی و بۆ یەک مەبەست دوو زاراوە یان زیاتر ساز دەکەن) ( بەسیر، ١٩٧٩، ١٤٧).

### ٣. هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک:

لە زمانی کوردیدا گیرەکەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبنە هۆکاریش بۆ کۆتبوونی وشە و گیرەکەکان، وای لێ دەکەن، کە گیرەکەکە سست بێت و چالاکیی خۆی لە دەست بدات، لە شوێنی ئەو زاراوەیەکی تری نوێباو بەکار بهێنرێت کە هەمان مەبەست بدات.

ئەو هۆکارانەی کە گیرەک کۆت دەکەن بریتین لە:

**١. ناچالاکی پاشگرەکان:**

بە هۆی بوونی هەندێ پاشگر لە زمانی کوردیدا، ناچالاکی و تابۆبوون دروست دەبێت، کە کۆت دەخەنە سەر داڕشتنی وشە و نرخی وشەکانی زمانی کوردی کەم دەکەنەوە، یان بێ بایەخی دەکەن ئەو پاشگرانەش بریتین لە (کەر، دان، گا....) بەشدارییان لە داڕشتنی هەر وشەیەک کردبێت نەڕۆیشتووە.

بۆ نـموونە: زاراوەی (یاریکەر) لە بری (لاعب) تا ماوەیەک بەکار هات، بەڵام دوای ئەوەی بووە توانج لە نێو کۆمەڵگا بیریان لە زاراوەی (یاریزان) کردەوە کە ئێستا بەکاردێت، ئەمەش تاڕادەیەک چالاک نییە و پڕ بە پێست نییە، چونکە مەرج نییە هەموو (یاریکەر)ێک یاریزان بێت، بەهەمان شێوەش بۆ پاشگرەکانی تریش.) ( دزەیی، ٢٠٢١، ١٠٩)

**٢. فرە دیالێکتی (Dialects ) یان نەبوونی زمانی ستاندەرد:**

ئاشکرایە کە زمانی کوردی، چەند دیالێکت و شێوازی قسەکردنی جیاوازی هەیە، ئەمەش دەبێتە دروستبوونی زاراوەی هاوواتا، کە بۆ مەبەستێک بەکاردەهێنرێن، و هەروەها کێشە و گرفت بۆ دانانی زاراوە دروست دەکات، وادەکات زاراوەکان زیاتر لێک دوور بکەونەوە و ( ببێتە هۆی دانانی دوو زاراوە بە هەمان چەمک).

بۆ نموونە دەشێ بۆ زاراوەی (الصحة) زاراوەی (تەندروستی) یان (ساخلەمی) بەکار بێت، بەڵام دەبێتە هۆی دووانەی لە زاراوە داناندا، وەک چەندان و چەندان زاراوەی دیکە.) ( وەسمان، ٢٠٠٤، ٥٢)

دوو دیالێکت پەرەی سەندووە لە زمانی کوردیدا، لە ڕێزمان و نووسین و ئاخاوتن و...هتد، لە شوێنە فەرمییەکان، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی زمانێکی ستاندەرە.

**٣. سەرچاوە بیانییەکان و وەرگرتنی وشە و زاراوە:**

لە هەموو زمانێکدا وەرگرتنی زاراوە ڕێگە پێدراوە و ئاساییە، ئەمەش بە دوو ڕێگا دەبێت:

١. یان ئەوەتا زمانەکە زاراوەیەکی گونجاوی نییە، بۆ گەیاندنی واتای وشەکە.

٢. یان وشە وەرگیراوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزاوەتە ناو زمانەکە و لەگەڵ فۆنەتیکی زمانەکە خۆی گونجاندووە.

بۆ نموونە: کاریگەری وەرگرتنی زاراوەی بیانی، بەسەر زاراوەی کوردیدا دیارە، ئەو کاریگەرییەیە جا چ لە زمانی عەرەبی بێت یان زمانەکانی تری دەوروبەربێت.

ئەگەر هاتوو، زاراوەیەکمان لە دوو زمانی جیاواز وەرگرت، بەهەمان چەمک و واتاوە، بۆ نموونە: (فیزیازانە ئەمریکییەکان زاراوەی بۆڕی ئەلیکترۆنی (FUBE ELECTRONIC) بەکاردێنن، کەچی بۆ هەمان شت بەریتانییەکان زاراوەی دەرچەی ئەلیکترۆنی (VALVE ELECTRONIC) بەکاردێنن. هەردوو وشەی (FUBE)و (VALVE) دوو وشەن لە ڕەگدا جیاوازن.) (وەسمان، ٢٠٠٤، ٥٥) کەواتە لێرەدا سەرلێشێواویەک دروست دەبێت بۆ وەرگێڕی کورد، بۆیە ناچار دەبێت، هەردوو زاراوەکە وەربگێڕێت، بەمەش دووانەتی لە زاراوەدا دروست دەبێت بۆ هەمان چەمک و واتا.

هەروەها لە نموونەیەکی تری وەک: (خواردنگە) کە لە (مطعم)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە، ( لەم دواییەدا زاراوەی (ڕێستۆرانت)یش هاتە مەیدان، ئێستا ئەوەی کە کەم بەکاربێت، هەر (خواردنگە) و (خواردنگا) یەکەیە.) ( دزەیی، ٢٠٢١، ١٠٨)

هۆکاری کەم بەکارهێنانی وشە کوردییەکانیش، دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری

(گا)، چونکە تابۆ بوونە، ڕاستە خۆشی پاشگری شوێنییە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە جۆرە ورووژاندنێکی هەستی لەگەڵە، لە هەمان کاتیشدا بەواتای (گاجووت)یش دێت.

## ٤. هەوڵی تاکەکەسی یان ناچالاکیی دەزگا فەرمییەکان:

زمان لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا، بابەتێکی گرینگ و پڕ بایەخە، گەورەترین بەهرەیە کە خودای گەورە بە ئادەمیزادی بەخشیوە، بۆتە بابەتێکی سەرنجڕاکێشی سەردەم، مرۆڤ لە گیانەوەر جیا دەکاتەوە، هەروەها گرینگی و تایبەتمەندیەکەشی لەوەدایە، کە توانای داهێنانی هەیە. دانان و هاتنەکایەی زاراوەی یەکگرتووی نوێ، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەندتر دەکات.

بۆنموونە: دانانی زاراوەی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە کارە سەرەکی و پێشبینییەکانی ئەکادیمیای کوردی، چونکە دەشێ جەماوەر خۆی سەرچاوە بێت، بۆ دروستکردنی زاراوەی زمانی، بەشی زۆری زاراوەکانیش هەڵقوڵاوی جەرگەی ڕەسەنایەتی کوردەواری بن.

بۆیە پێویستە لێژنەیەک هەبێت، بۆ یەکخستن و بە خاوەنکردنی زاراوەکان، چونکە زۆر کەس هەن، خۆیان بەخاوەنی زاراوە دەزانن و کاری لەسەر دەکەن، لێرەدا کێشەوگرفت لە زمانی کوردیدا دروست دەبێت، ئەمە بێجگە لە لایەنی سیاسی کە دەورێکی باڵا دەگێڕێ لە دروستکردن و هێنانەکایەی زاراوەی هاوواتایی.

هەر لەبەر ئەوەشە چالاکبوونی ئەکادیمیای کوردی یارمەتیدەر دەبێت، بۆ دانان و چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی زاراوەی گونجاو، چونکە ئەم دۆخەی کە ئەمڕۆی زاراوەی کوردی تێدایە، زۆر مەترسیدارە بۆ خوێنەرەکانی.

هەروەها هەوڵە تاکەکەسییەکانیش دەتوانین بڵێین لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، لە سازکردنی زاراوەی نوێدا.

أ. لایەنی ئەرێنیی هەوڵە تاکەکەسییەکان:

١. هەندێ جار توانای دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیان هەیە، و زاراوەی نوێباو سازدەکەن.

٢. بە هۆی سادەیی ئەو زاراوە نوێیەی، کە دروستی دەکەن، بە ئاسانی پەسەند دەکرێ و بڵاو دەبێتەوە و جێگەی خۆی دەگرێ لە ناو زمانەکە و لە لایەن قسە پێکەرانی زمانەکەوە.

بۆ نموونە: هاوسنوور، چاکسازی، زنجیرساز..........هتد.

ب. لایەنی نەرێنیی هەوڵە تاکەکەسییەکان:

١. بوونی هەوڵە تاکەکەسییەکان، بەشێوەی هەڕەمەکی و بێ لێپرسینەوە و گرتنەبەری ڕێبازی زانستی، ئەرکی فەرهەنگی زمان ئاڵۆز دەکات، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە دەکەونە بەردەم زاراوەسازی کوردی.

٢. ڕێکنەکەوتنی نووسەران لەسەر زاراوەیەک، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ یەک واتا، چەند زاراوەیەک بەکاربهێنرێت.

بۆ نموونە: زانکۆ ⟵ زانستگا

هۆنراوە ⟵ هەڵبەست......هتد.

### ٥. قبووڵکردنی زاراوەکان:

هەندێک زاراوە هەن کە بە ئاسانی لای خوێنەرو گوێگر دەچەسپێ، بەبێ دوودڵی، زاراوەکە چالاک دەبێت و دەکەوێتە ڕیزی وشە چالاکەکانەوە.

بۆ نموونە: وشەی ( (ڕێزمان) هەر چەندە ماوەی (٤٠) ساڵێک دەبێت لە زمانی کوردیدا پەیدا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەواوی بڵاو بۆتەوە و جێگیر بووە و ڕەگی داکوتاوە ڕەنگ و بۆی نوێباوی پێوە نەماوە. هاتۆتە ڕیزی چالاکی وشەی کوردییەوە.

هەروەها ((نووسەر))، ((خوێنەر))، ((گۆڤار))، ((چیرۆک)).... گەلێکی دی، لەگەڵ ئەوەدا، کە لە مێژ نییە لە زمانی کوردیدا هاتوونەتە ناوەوە، چونکە تێکڕای خوڵکەکە وەریان گرتوون، لەبەر ئەوە لە نوێباوی دەرچوون و لە ڕیزی وشەی چالاکی کوردیدا وەستاون.) ( مارف، ٢٠١٤، ٣١٥)، نموونەی تری لەم چەشنەمان زۆرە لە زمانی کوردی وەک: بێژەر......هتد.

کەچی هەندێ وشەی ترمان هەیە، کە بەپێی یاسا و دەستووری زمانی کوردی دروست بوون، بەڵام کەم بەکاردێن یان هەر بەکارناهێنرێن.

بۆ نموونە: وشەی (پێنووس)، کە بەرامبەر (القلم)ی عەرەبی هاتووە، کەچی وشەی (قەڵەم)مان لا پەسەندترە، جێی (پێنووسی) گرتووە و زاڵتر و چالاکترە، بەهەمان شێوە بۆ (تێنووس)یش کە نەیتوانیوە جێ بە دەفتەر، لەق بکات. وشەکانیش وەرگیراون و وەکو خۆیان قەبووڵکراون، بەبێ هیچ کێشەیەک ( قەڵەم و دەفتەر) وەک دوو زاراوەی کوردی چەسپاون.

**٦. دیاردەی هاوواتایی:**

بوونی دیالێکتەکان لە زمانی کوردیدا، وایان کردووە کە وشەی هاوواتایی دروست ببێت، هەبوونی ئەم وشانەش لە زاراوەسازیدا کێشە و گرفت دروست دەکەن، ئەگەرچی مەودایەکی باشیشە بۆ ئەدیب و نووسەران، کە بواریان بۆ زیاد دەکات لە دەربڕیندا، بەڵام گەورەترین کێشەشە بۆ زمان، هەرچەندە هاوواتایی لە زماندا، تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی هۆشەکی و ویژدانییەوە وەکو یەکن، تەنانەت قسەپێکەرانیش هەست بە جیاوازییان ناکەن، بە ئازادیش لە هەموو سیاقێکدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکەن.

بەڵام (دوو وشە یان زیاتر هاوواتا نابن، چونکە:

١. وشەیەک لە وشەیەکی تر گشتگیرترە.

٢. وشەیەک لە وشەکەی تر نوێتر و باوترە.

٣. وشەیەک لە وشەیەکی تر هەستیارترە.
٤. وشەیەک لە وشەیەکی تر بەڕێزترە.
٥. وشەیەک لە وشەیەکی تر تایبەتیترە.
٦. وشەیەک لە وشەیەکی تر ئەدەبیترە.
٧. وشەیەک لە وشەیەکی تر میلیلترە.) ( دیداوی، ٢٠٠٥، ١٢٢)

زۆر نموونەمان هەیە لە زمانی کوردی، بەرامبەر یەک دەوەستن و هەمان واتای یەک دەدەن و بۆ یەک مەبەست بەکار دێن. وەک:

دارستان ⟵ جەنگەڵ
زمانەوانی ⟵ زانستی زمان
کیژ ⟵ کچ
فرمێسک ⟵ ئەسرین، ڕۆندک
جوان ⟵ قەشەنگ.......... هتد.

لە ڕاستیدا گرینگیی زاراوە سازی لەوەدایە، کە هەر زاراوەیەک بۆ یەک چەمک بەکاربێت و سەربەخۆ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم تێڕوانینە لەگەڵ زمانی کوردیدا کەمێک لێک دوورە، ئەم یاسایە لەسەر زمانی کوردی جێبەجێ نابێ.

هەروەها نابێ ئەوەش لە بیربکەین، کە هاوواتایی تەواو لە زمان دەگمەنە، یان زۆر کەمە، ئەگەر هەشبیت بە هاواتایی تەواو دانانرێت، یان بە نیمچە هاوواتایی ئاماژەی پێدەکرێت.

### ٧. هاوبێژی و فرەواتایی:

هاوبێژی و فرەواتایی تەمومژی و گرفت بۆ تێگەیشتنی زمان دروست دەکەن، واتە ( هاوبێژی: بریتییە لەو وشانەی کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکو یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە).

بۆ نموونە: بیر: ١. بیروهۆش
بیر: ٢. چاڵ )
گڕ: ١. گڵپەی ئاگر
٢. بەمانای ددان گڕی (عەلی، ٢٠١١، ٩٢-٩٣)

لێرەدا دەبینین وشەکان لە ڕووی گۆکردن (دەربڕینەوە) هەمان گۆکردنیان هەیە، بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن.

(فرەواتا: وەک دیاردەیەک لە زماندا ئەوەیە کە وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت، بە مەرجێک ئەو وشەیە یەک نەژادی هەبێت، بەڵام مانای جیا جیا ببەخشێ.

بۆ نموونە: مانگ: ١. بەمانای ( قمر )ی عەرەبی دێت.
٢. ژماردنی ڕۆژ
گەورە: ١. بە قەبارە
٢. بە تەمەن ) (عەلی، ٢٠١١، ٩٥)

**٤. کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا:**

گیرەک (Affix) دەورێکی کاریگەر و سەرەکی هەیە، لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکان، چونکە گیرەکەکان بوار دەڕەخسێنن، بۆ دروستبوونی وشەی نوێباو، ئەم دەور و کاریگەریەیەش بە تەواوی لە زمانی کوردیدا، دیار و بەرچاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جاری وا ڕێکدەکەوێت کە هەندێ لە گیرەکەکان دەورێکی نەرێنی دەگێڕن، لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا، ئەم دەورە نەرێنییەش دەبێتە هۆی نەڕۆیشتنی زاراوەکە لە زمانەکەدا، بەمەش کۆتی مۆرفۆلۆجی دێتە ئاراوە، قسەپێکەرانی زمانەکەش هەوڵ دەدەن خۆیان لە دەربڕینی ئەو زاراوانە ڕزگار بکەن، کە ڕەنگدانەوەیەکی نەگونجاوی هەیە، یان

شیاوی گوتن و دەربڕین نییە، بە وشەیەکی تری زمانەکە یان بە وەرگرتنی زاراوەیەک لە زمانەکانی تر، بۆ هەمان چەمک و واتا.

دەتوانین بڵێین بەرپرسیارەتییەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر واتای ڕەنگدانەوە (Reflected meaning) لە کۆتکردنی گیرەکەکاندا.

هەنگاوەکانی کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک بریتییە لە:

١. گیرەکە هەست وروروژێنەرەکان:

وشە فرەواتا و هاوبێژەکان دەگرێتەوە، کە ئەوانیش کاریگەری واتایین، کە بە زۆری قەدەغەکراو و تابۆن.

(ئەو جۆرە واتایە لە بارێکدا دێت، کە وشەکە دووانی یا زیاتر و جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی تر بێنێتەوە یاد، کە تابۆ و قەدەغەکراو بن، بە تایبەتی هەندێ کردەی سێکسی) (دزەیی، ٢٠١١، ١١٩)

بۆ نموونە:

گا: وەک:
- پاشگری شوێنی (خوێندنگا، فرۆشگا، پیشانگا........هتد.)
- ناوی ئاژەڵ (گاجووت)
- کردەی سێکسی .

دان: وەک:
- پاشگری پێدان (گوڵدان، هێلکەدان،.......هتد)
- ناوی (ددان)
- دانی (سێکسی)

بەر: وەک:
- پێشگر (بەردەم، بەرچاو، بەرکوڵ.......هتد)
- میوەی درەخت (بەری دار هەنار، بەری دار گوێز........ هتد)
- شوێنی هەستیاری (مرۆڤ)

هەروەها پاشگری (دەر): بە هۆی تابۆبوونیەکەیەوە لە هەندێ وشەدا، کۆتی دەکەوێتە سەر. وەک: (چاولەدەر) کە بەواتای (حیز)، بەشداری هەندێ وشەی وروروژێنەر دەکات.

هەرچەندە واتا فەرهەنگییەکەی، ئەو جۆرە واتایانە بڵاوترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی ئاخاوتندا هەست بە تابۆ و واتا شاراوەکەی دەکرێ، چونکە هەندێک جار لەوانەیە بە مەبەست ئەو وشانە بەکار بهێنرێت و هەندێک جاریش بێ مەبەست.

بۆیە ئەم تابۆبوونە کاریگەریەکی نەرێنیی تەواو دەخاتە سەر وشە، لە ڕووی داڕشتن و دەربڕینەوە، چونکە هەر کاتێک ئەم گیرەکانە بکەونە سەر هەر زاراوەیەک، ئەم زاراوە نەڕۆیشتووە و کۆتکراوە، جا چ بە گیرەکێکی تر بێت، یا بە زاراوەیەکی تر بێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی، نەورووژاندنی هەستی بەرامبەر.

**٢. گیرەکە کەم بایەخەکان (بێ بەهاکان):**

بوونی هەندێک پاشگر بە تەواوی چالاکی داڕشتنی وشە و زاراوە کەم دەکەنەوە، یا بێ بایەخی دەکەن. ئەمەش بەهۆی بوونی واتا ڕەنگدانەوەکەیە، بۆنموونە: ( پاشگری (کەر)، پاشگری (باز)، هەر کە کەوتنە سەر هەر زاراوەیەک ئەم زاراوە قەدەغە و نامۆ دەبێت، زاراوەکە ناڕوات، کۆتی دەخرێتە سەر، و کاریگەریەکی نەرێنی دروست دەکات، چونکە بە بەکارهێنانیان، واتای دیکە دێننەوە یاد، بۆیە لە کاتی بەکارهێنانیشیان، دەستەواژەیەکی لە پێش دادەنرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زاراوەکە، وەک ( عەیب نەبێ، یان بیلا مەعنا).

بۆنموونە: پاشگری (کەر):

چێشتکەر ←—— چێشتلێنەر

تکاکەر ⟵ تکاکار

کارەکەر ⟵ بەردەست......هتد

پاشگری (باز):

جامباز ⟵ چەرچی

دەستباز ⟵ تەڕدەستی، شۆخی

قومارباز ⟵ قومارچی.......هتد.

بەهۆی بوونی ئەم وشە قەدەغەکراوانە، وشە ئاساییەکەش بەکارهێنانی کەم دەبێت یان لەناو دەچێت.

بێجگە لەم دوو جۆرە گیرەکەی سەرەوە کە باسمان کردوون، هەندێ گیرەکی ترمان هەیە، ڕێگە لە دروستبوونی وشەی تازە دەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی، ڕەنگدانەوەی زۆری نییە، لەسەر وشەکان بۆیە، کاریگەریەکەشیان زۆر نییە، لەسەر ڕێگەگرتن لە زاراوەی نوێباو وەک: لە وشەی (هەستیار)، ئەم وشە لە زماندا نەڕۆیشتووە، بە هۆی بوونی وشەی (کەمتیار)........هتد.

## ٥. جیاوازی بەهێزی و بێ هێزی گیرەک لە کۆتکردندا:

لە هەموو زمانەکاندا، پێویستی ژیانی کۆمەڵ و زیادبوونی بەرهەم و پێشکەوتنی بیری مرۆڤ، بەردەوام پێویستییان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە لە فەرهەنگدا.

(لەبەر ئەوەی زمانی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر دەخرێتە خانەی زمانە تێکچڕژاوەکان) ( خدر، ٢٠١٠، ١٣١)، هاوشێوەی چەند زمانەکانی تری وەک: ئینگلیزی و.....هتد، هەرتەنیا (ڕەگی سادە) ناتوانێت هەموو مەبەستەکانی زمانەکە، لە وشەی فەرهەنگی پێویستییەکان پڕبکاتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر چەند ڕێگایەک بۆ زیادکردنی وشە و زاراوە.

گرینگترین ئەو رێگایانەش بریتییە لە (لێکدان و دارشتن).

لێکدان: لە دوو رەگی سەربەخۆی واتادار دروست دەبێت.

دارشتن: لە رەگێکی سەربەخۆ و زیادەیەک دروست دەبێت، زیادەکەش بریتییە لە گیرەکەکان، کە ژمارەیەکی زۆرمان هەیە و بەیارمەتی ئەوانەوە زمانەکە وشەی نوێ دەخاتە ناو فەرهەنگەوە.

لەگەڵ ئەو رێژە زۆرە گیرەکانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و وشە چالاک دەکەن، هەندێک گیرەکیش هەن کە چالاکی دارشتنی وشە کۆت دەکەن و وشەکە لە قاڵبێکی تەسکدا دەهێڵێتەوە و وای لێدەکەن، جێگای لەق بێت و وا لە هەندێکیش دەکەن کە بە سستی بمێننەوە.

لەبەر ئەم هۆکارە دوو جۆرە گیرەک لە کۆتکردندا بەرچاو دەکەوێت:

١. بەهێزی گیرەک لە کۆتکردندا:

ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە لە قاڵبێکی تەسک ماونەتەوە، زۆر چالاک نین لە بەکارهێناندا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ واتایەکەیان، کە رەنگدانەوەیەکی تەواوی پێ بەدی دەکرێ لەگەڵ واتای زاراوەیەکی تر. واتە کۆتکردن بەرهەمی پاشگرەکان سنووردار دەکات، بۆیەش پرۆسەی وشە دروستکردن لێرەدا نائومێد دەبێ، بەهۆی ئەو هێزە زۆرەی کە گیرەکەکە هەیەتی لە کۆتکردنی وشەکەدا، ( بەو جۆرە وشە دەگوترێت، کە توانستی ئەوەیان نییە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا یەک بگرن، لەبەر ئەوە شێوەی بەکارهێنانیان لە قاڵبێکی تەسکدا ماوەتەوە، بە وێنە: (کەر)) ( مارف، ٢٠١٤، ٣١٣).

ئەو گیرەکانەی لە ریزی پێشەوەی کۆتکردن دێن بریتین لە:

١. پاشگری (کەر): دەتوانین بڵێین لە ریزی پێشەوەی پاشگرە ناچالاکەکانی دارشتنی وشەیە، ژمارەیەکی تەواوی وشەکان کۆت (Block) دەکات، لە شوێنی ئەو وشەیەکی تر یان پاشگرێکی تر دانراوە. بۆ نموونە:

کەر:
- قسەکەر ⟵ ئاخێوەر
- سەیرکەر ⟵ بینەر
- خراپەکەر ⟵ خراپەکار
- قومارکەر ⟵ قومارچی
- کارەکەر ⟵ بەردەست

٢. پاشگری (گا): پاشگرێکی شوێنییە، لە قسەکردندا زۆر نەڕۆیشتووە، چونکە (تابۆ Taboo) بوونە..

بۆ نموونە:

گا:
- زانستگا ⟵ زانکۆ
- بارەگا ⟵ مەڵبەند، لق، مەکۆ

زۆربەی کات پاشگری (گە) شوێنی دەگرێتەوە.

گا:
- ڕێگا ⟵ ڕێگە
- ئارامگا ⟵ ئارامگە
- جێگا ⟵ جێگە......هتد.

٣. پاشگری (دان): بەواتای دان و بەخشین دێت، پاشگرێکی (تابۆ Taboo) بوونە. نموونە:

دان:
- دووکەڵدان ⟵ دووکەڵکێش
- ڕێپێدان ⟵ مۆڵەت......هتد.

٤. پاشگری (باز): ئەمەش هاوشێوەی پاشگری (کەر)ە بە پاشگری قەدەغەکراو ناو دەبرێت، زۆربەی کاتەکان کۆت دەخرێتە سەر ئەو وشانەی کە ئەو پاشگرە وەردەگرن، یان پاشگرەکە دەگۆڕێت، بە پاشگرێکی تر.

بۆنموونە:

باز ←
چاوباز ← چاوباشقاڵ
نێرباز ← هاوڕەگەزخواز
نوکتەباز ← نوکتەچی
مەکرباز ← مەکرۆ
چەنەباز ← زماندرێژ.........هتد.

٢-بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا:

ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە کە لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا بەکاردێن، واتە بەهێزنین لە کۆتکردن، بەڵکو بەپێی قسەکردنی ئاخێوەر دەگۆڕێت، نموونەی ئەو جۆرە گیرەکانەشمان زۆرە لە زمانی کوردیدا، چەند گیرەکێکی دیاریکراو بە نموونە وەردەگرین.

١. کۆتکردنی پاشگری (وان):

مەلەوان ← مەلەزان.....هتد

٢. کۆتکردنی پاشگری (ێتی):

کەسێتی ← کەسایەتی.....هتد

٣. کۆتکردنی پاشگری (ایی):

پیسایی ← پیسی.....هتد

٤. کۆتکردنی پێشگری (ب):

بنووس ← نووسەر......هتد

٥. کۆتکردنی پاشگری (ساز):

پینەساز ← پینەچی.....هتد

٦. کۆتکردنی پاشگری (وەر):

هونەروەر ← هونەرمەند....هتد

٧. كۆتكردنی پاشگری (چی):

باخچەچی ← باخەوان......هتد

٨. كۆتكردنی پاشگری (گار):

یادگار ← یادەوەر.....هتد

٩. كۆتكردنی پاشگری (ێنی):

گەرمێنی ← گەرمایی...هتد

١٠. كۆتكردنی پاشگری (مەند):

هۆشمەند ← هۆشیار......هتد

ئەم جۆرە كۆتكردنە لە زماندا كاریگەریەكی زۆری نییە، بەڵكو ئەمەیان زیاتر بۆ ئەوە بەكاردێت كە كام زاراوە شیاوتر بێت بۆ دەربڕین، ئەو بەكاربێت. بۆیە ئەوانە بێ هێزن لە كۆتكردن .

بەشی دووەم: چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەركردنی كۆتكردن و داڕشتنی وشە و زاراوەی كوردی:

هیچ زمانێک بەدەرنییە لە كێشە و گرفت، بەڵام كەسانی شارەزا و پسپۆڕ و ئەكادیمیایەكی لێهاتوو وا دەكات كە كێشەكان سەركوت بكرێت و هەوڵی چارەسەرێكی بێ لایەنەی بۆ بدرێت و كارێكی دەستەجەمعی ڕێكی بۆ ئەنجام بدرێت، لایەنی باڵاش دەستی هەبێت لە برەودان بە پێشكەوتنی زمانەكە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک هەنگاو دەكەین كە وەک چارەسەرێک دەیخەینە ڕوو بۆ كێشە و گرفتەكانی داڕشتنی وشە و زاراوەی كوردی:

١. یەكخستنی بیروڕای پڕۆفیسۆران و زانایانی زمانەوانی زمانی كوردی:

باشترین چارەسەرە بۆ بوونی وشە و زاراوەی نوێ، چونكە ئەگەر هاتوو هەموو زانایانی زمانەوانی یەكگرتووبن لە بنیاتنانی وشە و زاراوەیەكی نوێ، ئەوا

وشەکە بۆ هەموو ناوچەیەکی کوردستان دەشێ و گرژی و ئالۆزیش لە زمانەکەدا نامێنێ و لە کێشەی هاوواتاییش ڕزگارمان دەبێت.

گومان لەوەشدا نییە کە دووریش دەکەوینەوە لە ململانێی ناوچە و ناوچە گەرایی و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ گەڕانەوەی یەکڕیزی و بەرزی و شکۆمەندیی زمانی کوردی و گەیاندنی پەیامێک بۆ ئەم مەبەستە.

٢. دانانی پلان و یاسا بۆ بنیاتنانی وشە و زاراوە:

پێویستە لە کاتی دروستکردنی هەر وشە و زاراوەیەک پابەندبین بە یاسای زمانی کوردی .

وشەکە لە خۆڕا و هەڕەمەکی فڕێ نەدەینە ناو فەرهەنگی زمانەکە، بەڵکو دەبێت پلان و بەرنامەی تۆکمەی بۆ دابنرێت لە لایەن لێژنەی زمان و ئەکادیمیای کوردی، چونکە بێ بەرنامەیی و نەبوونی پلان دەبنە هۆی دروستبوونی وشە و زاراوەیەک کە لە یاسای زمانەکە دووردەکەوێتەوە.

ئەگەری ئەوەشی هەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا نەڕوات و وشەکە بە سستی بمێنێتەوە و تووشی کۆتکردن ببێت. یان لەوانەشە لەلایەن تاکی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت ، بەڵام مەبەستی خۆی نەپێکێ و پڕ بە واتای وشەکە نەبێت و فرە زاراوەیی لێ دروست ببێت.

٣. گرینگیدان بە فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی:

فەرهەنگ هەمیشە هۆکاری یەکەمی دەوڵەمەندبوونی زمانە بەگشتی، زمانی کوردیش بەدەرنییە لە هەبوونی فەرهەنگدا. بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە، کە فەرهەنگێکی یەکگرتوو نابینرێت لە چوار پارچەی کوردستاندا ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، کەواتە لێرەدا پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی بەرپرسیارن لەم دۆخەدا. چونکە بە یەکگرتوویی بیروڕای ئەوان فەرهەنگێکی یەکگرتوو دروست دەبێت، بەڵام هەرچی زانایانی زمانەوانی

کوردییە، بە هۆی بوونی دەمارگیری و پەسەندکردن و چەسپاندنی بۆچوونی تایبەتی خۆیان، ئەم نائومێدییە دروست بووە لە سازبوونی وشەو زاراوەی کوردیدا.

ئەم دەمارگیرییە بەرامبەر بەیەکتری و قبووڵ نەکردنی بیروڕای یەکدی زیانێکی زۆری هەیە بۆ زمانی کوردی، پێویستە یەکگرتن هەبێت، بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو هەروەک زمانە پێشکەوتووەکانی وەک: ئینگلیزی و فەرەنسی و......هتد.

٤. هەبوونی فەرهەنگ بۆ هەموو بوارە زانستییەکان:

لە زمانی کوردیدا تێکەڵییەکی زۆر بەدی دەکرێت، لە هەبوونی وشە و زاراوەکاندا، کە پێویستە ئەم زاراوانە پۆلین بکرێن و لە یەکتری جیا بکرێنەوە، بۆنموونە پێویستە بۆ هەریەک لە بوارەکان زاراوەی تایبەت دابنرێ جیا لەوی تر. وەک:

١. زاراوەی تایبەت بە زمانەوانی.
٢. زاراوەی تایبەت بە ئەدەبیات.
٣. زاراوەی تایبەت بە کۆمەڵایەتی.
٤. زاراوەی تایبەت بە دەروونزانی.
٥. زاراوەی تایبەت بە سیاسەت.
٦. زاراوەی تایبەت بەسەربازی و جەنگ.
٧. زاراوەی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردن.
٨. زاراوەی تایبەت بە کۆمپیوتەر.
٩. زاراوەی تایبەت بە ئابووری.
١٠. زاراوەی تایبەت بە کشتوکاڵ.
١١. زاراوەی تایبەت بە پیشەسازی.

١٢. زاراوەی تایبەت بە بایۆلۆجی.

١٣. زاراوەی تایبەت بە کیمیا.

١٤. زاراوەی تایبەت بە فیزیا.

بەڵام لە زمانی کوردیدا وەکو پێویست کار لەسەر ئەم بوارە نەکراوە، ئەوەی کاریشی لەسەر کردووە، بە پەنجە دەژمێردرێن وەک: مەسعود محەمەد و شوکر مستەفا و...هتد.

٥. نوێکردنەوەی فەرهەنگە مێژووییەکان و گرینگیپێدانیان:

چاوخشاندنەوە بە فەرهەنگە کۆنەکان کارێکی چالاک و باشە، بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی هەندێ وشەی مردوو.

چونکە لەوانەیە وا ڕێک بکەوێت، دووبارە زیندووکردنەوەی وشەیەک ببێتە هۆی ئەوەی کە واتایەکی پڕاوپڕ بە دەست بهێنین بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێمە دەمانەوێت، وەک: (مەکۆ، ڕایەڵە، باژێڕوان......هتد) کە دەتوانین بڵێین پڕ بە پێستی واتای وشەکەن، هەرچەندە بە وشەی مردوو لە قەڵەم درابوون، بەڵام زیندووکردنەوەیان بۆتە قازانجێک بۆ زمانی کوردی و دووبارە سوود بینینەوە لێیان.

٦. سوودوەرگرتنی زاراوەکان لە یەکتر بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی:

پێویستە پێش ئەوەی پەنا ببەینە بەر داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێ، لە ناو زاراوەکاندا بگەڕێین، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایە وشەی بەرامبەریمان هەیە، ئەگەر وشەی بەرامبەرمان هەبوو، ئەوا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نابێت. بۆیە ناچار نابین کە جارێکی تر وشەکە دابڕێژینەوە، جا وشەکەش دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی بەکارهێنەرانی زمان، ئاخۆ وشەکە دەڕوات یان ناڕوات، یان تووشی کۆت و گرفت و بەستنەوە دەبێت یان نا لەڕووی بەکارهێنانەوە. ئیتر دەتوانین زمانەکەی

خۆمان دەوڵەمەند بکەین، بەو وشە و زاراوانەی کە لە زارەکاندا هەن، کە دەبنە هۆی نوێبوونەوەی زمانەکە و چالاکبوونی وشەکان، و ڕۆیشتنی وشەکان، بە مەرجێک زۆر لەسەر زمان قورس نەبن، چونکە ئێستا زمان بەرەو دیاردەی ئاسانبوون دەڕوانن.

٧. ڕێگەگرتن لە بەسیاسەتکردنی وشە و زاراوە:

ڕێک و تەندروستی زمان لەوەدا دەبینرێت، کاتێک کە پسپۆڕان و شارەزایانی زمانەوانی هەمووی کۆک بن لەسەر دانانی وشە و زاراوەیەکی گونجاو. بەڵام لە زمانی کوردیدا دیاردەیەکی سەقەت و نارێک باڵی کێشاوە بەسەر زمانەوانی، کە هەر کەسەو خۆی بەخاوەنی زاراوەیەک دەزانێ، بۆیە پێویستە ئەمە بنەبڕ بکرێت و چیتر ڕێگە نەدرێت بە ترازانی زمانی کوردی لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە.

ئەمەش ئەرکی ئەکادیمیای کوردییە، چونکە تائێستا چەندین زاراوەی هاوواتا دروست بوونە، کە هەریەکەیان سەر بە زۆنی پارتێکن بۆنموونە:

قوتابخانە ⟵ فێرگە

ئافرەت ⟵ ژن

لق ⟵ مەڵبەند ⟵ مەکۆ

قوتابی ⟵ خوێندکار ......هتد.

پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە دانانی زاراوە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بۆیە چارەنەکردنی ئەم گرفتە لاوازی زمانی لێدەکەوێتەوە.

٨. ڕێگەنەدان بە ڕاگەیاندنەکان لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ:

ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی خراپ و نێگەتیڤیان لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێدا هەیە، بە کەیفی خۆیان وشەی نوێ دادەڕێژن، یان وشە کۆنەکە

بەشێوەیەکی نادروست دادەڕێژنەوە و سەقەتی دەکەن. وەک: (کاتژمێر) بۆتە (کاژێر). بۆیە پێویستە ئەکادیمیای کوردی ڕێگە لەم دیاردەیە بگرێت و نەهێڵێت فراوان و تەشەنە بکات لە ناو کۆمەڵگادا. هەروەها یاسایەک هەبێت بۆ پاراستنی زمان و دەوڵەمەندکردنی و نووسینەوە و بە فەرهەنگکردنی و پاراستنی زاراوەکان، وەک گەنجینەیەکی بەنرخ بپارێزرێن.

ڕاگەیاندنەکان لەجیاتی ئەوەی دەستیان هەبێت لە دەوڵەمەندکردنی زمانەکە، بگرە زمانەکە دەشێوێنن و بەرەو ئاقارێکی تاریکیدا دەبەن.

٩. بوونی سەنتەرێک بۆ ڕاهێنان و وەرگێڕانی وشە و زاراوەی نوێ:

لە زاراوە داناندا زۆرجار پەنا دەبەینە بەر وەرگێڕان، بۆ ئەوەی واتای زاراوەیەک بە کوردی دەرببڕین، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە زاراوە وەرگیراوەکە بۆ کام واتا دەشێ یان گونجاوە بۆ بەکارهێنانی. لەبەر ئەم هۆیەوە ناکرێت لە خۆڕا هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی دەست بکات بە وەرگێڕان، بۆیە ئا لێرەدا پێویستمان بە سەنتەرێک دەبێت، کە شارەزایانی زمانی تێدا کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە گشتی بڕیارێک لەسەر واتای وشە بێگانەکە بدرێت و یەک واتا بچەسپێت و پەرە بسێنێت و هاوواتای دروست نەبێت.

ئەوەی وەرگێڕانیش ئەنجام دەدات پێویستە تایبەتمەندیەکانی وەرگێڕی تێدابێت لەوانە:

١. شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەم بوارەدا.

٢. شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە زمانەکانی تردا.

٣. توانای ئەوەی هەبێت کە واتایەکی پڕاوپڕ بۆ وشە وەرگیراوەکە بدۆزێتەوە.

٤. شارەزاییشی هەبێت لە هەنگاوەکانی وەرگێڕاندا، وەک:

ا. وەرگێڕانی وشە بە وشە.

ب. وەرگێڕانی دەنگی.
ج. وەرگێڕانی چەمکی.
١٠. دروست نەبوونی دەمارگیری لە وەرگرتنی هەندێ وشە و زاراوەی بێگانە:

نابێت دەمارگیری هەبێت لە وەرگرتنی هەندێ وشە و زاراوە لە زمانێکی دیکە، بە تایبەتی زمانی عەرەبی، چونکە ئاینەکەمان ئاینێکی عەرەبییە.

ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ، یان پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت، هەندێ زاراوە دێتە ناو زمانەکەمان بەبێ ویست و ئاگای خۆمان وەک: وشە و زاراوەی (زەکات، سەرفترە، جومعە.....هتد).

بەبێ ئەوەی کە ئەم وشانە هیچ کێشە و گرفتێک بۆ زمانەکەمان دروست بکەن، بە پێچەوانەوە شوێنی خۆیان بەتەواوی کردۆتەوە لە ناو زمانی کوردیدا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ئەم هەنگاوە لە هەندێ کاتدا، زۆر باشترە لەوەی کە وشەی نوێ دابڕێژرێتەوە، جا ئایا وشەکە دەڕوات یان ناڕوات لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە بۆ سەلامەتی زمانی کوردی ئەم هەنگاوە پێویستە.

وێڕای ئەم چارەسەرانە بۆ داڕشتنی وشە و زاراوەیەکی چالاک و تەندروست، کە گومان لەوەدا نییە، کە کارو کات و خەرجی و شەونخوونی زۆری دەوێ، پشتگیری لایەنی پەیوەندیداریشی پێویستە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

دەبێ ئاگاداری ئەوەشبین کە ئەم هەوڵانە بە تاکەکەس ئەنجام نادرێت، بەڵام ئەگەر بە دەستە و کۆمەڵ هەوڵی بۆ بدرێت ئەنجامێکی باشی دەبێت، بۆ دەوڵەمەندکردن و زیندووکردنەوەی وشەی زمانی کوردی.

هەروەها لەم حاڵەتەدا هۆشیاری تاکی کوردیش پێویستە بەرامبەر بە زمان، چونکە پاراستنی زمان ئەرکێکی نیشتیمانیی هەموومانە، بەهێزیی بیر و باوەڕی نەتەوایەتی دەبێتە هۆی بەهێزی و چالاکیی زمانەکە و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانەکە.

**ئەنجام:**

١. کرداری کۆتکردن (blocking) لە زمانی کوردیدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت، کە بەهۆی بوونی هەندێک لە گیرەکەکانەوە دروست دەبێت، کە قەدەغەکراو و (تابۆtaboo)ن.

٢. بوونی واتای ڕەنگدانەوە لە زماندا، وا دەکات کۆتکردن دروست ببێت و وشەیەکی نوێ شوێنی وشە کۆتکراوەکە بگرێتەوە، جا ئەو وشەیە چ لە فەرهەنگەوە وەرگیرابێت، یان لە زارەکی ترەوە هێنرابێت، یان وشەیەکی کۆن و مردوو بێت زیندوو کرابێتەوە، یان لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدرابێت، یان ڕاستەوخۆ وەرگیرابێت لەزمانێکی تر.

٣. بۆ کەمکردنەوەی کۆتکردن لە زماندا پێویستە پشت بە زاراوەی تر بەسترێت یان دیاردەی هاوواتایی و فرەواتایی و هاوبێژی لە زمانەکەدا نەهێلرێت یان زۆر کەم بکرێتەوە.

## سەرچاوەکان:

### کتێبی کوردی:

١. بەسیر، کامل حەسەن (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٢. دزەیی، عبدالواحید مشیر (٢٠١١)، واتاسازی ڕستە و وشە، چاپی سێیەم ، هەولێر.
٣. دزەیی، عبدالواحید مشیر (٢٠٢١)، زاراوەسازی و زمانەوانی، هەولێر.
٤. عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١١)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر
٥. مارف، ئاورەحمانی حاجی (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم،
٦. وەسمان، مەحەمەد (٢٠٠٤)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

### گۆڤارەکان:

١. عەساف، هیوا ئەحمەد، عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد (٢٠١٣)، شیکردنەوەی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی ئێستای کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژمارە (٢٤).
٢. فوئاد، کەمال (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە (٤)، بەغدا،

### نامەی ئەکادیمی:

١. خدر: حەیدەر حاجی (٢٠١٠)، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیای زمانەکانەوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

### کتێبی عەرەبی:

١. الدیداوی: محمد (٢٠٠٥)، منهاج المترجم، المرکز الثقافي العربی، الدار البیضاء، ط١

### کتێبی ئینگلیزی:

1. Aronoff :Mark, Word Formation in Generative Grammar, 1976.
2. Rainer: Franzm, 69 june 2016, .Blocking, Oxford university press

**ملخص**

**قيد نشاط اللواحق (العميل) في تشكيل الكلمة الكوردية**

تأتي هذه الدراسة في إطار المفردات التي تشرح فعل القيد، وهو عدم رجوع أحد الأشكال لوجود شكل آخر ، وتناقش كيفية منع تكوين الكلمات والمصطلحات في المصطلحات التي تصف خطوات هذا التأثير السلبي، ويعرض الفرق بين قوة القبضة وضعف القبضة في القيد ، وتتكون هذه الدراسة من جزئين:

يتضمن الجزء الأول مفهوم وتعريف القيود في تكوين الكلمات، وأسباب القيود، والآثار السلبية للقيود على إنتاج الكلمات، والاختلافات بين نقاط القوة والضعف في القيود.

الجزء الثاني يحتوي على بعض الاقتراحات الخاصة بمعالجة وتركيب المفردات الكوردية.

الكلمات الدالة: اللواحق، القيد، النشط، البطيء، الكلمات والمصطلحات.

## Abstract

**Blocking the activity of the suffixes in Kurdish word formation.**

This study is within the framework of lexicology, which explains the action of constraint, which is the non-return of one form due to the presence of another form, and discusses how to prevent the formation of words and terms in terms, which describes the steps of this negative effect, and the difference between the strength of the grip and the weakness of the grip in constraint. This paper consists of two parts

The first part includes the concept and definition of constraints in word formation, the causes of constraints, the negative effects of constraints on word production, and the differences between the strengths and weaknesses of constraints in constraints.

The second part contains some suggestions for the treatment and structure of Kurdish vocabulary.


Keywords: Affix, blocking, active, sluggish, words and terms.